# داعش موتوربەیەک بەقەدی مژووەو ... بەهاوبەشی: شووشان و موتەیب

عەیامەکە مژوویەک بەتاوان سیاپش و بەخوێن سورکراو وەکو مریشکێکی تووڵ لەسەر دیان هەڵکەی داعشاسا گەکەوتووەو هەر دیەیەک دانیەک ئەتروکێنێت. هەڵکەی داعشی تروکاندو ئەستاش کەداعش زەعیف بووە، بزانین هەڵکەی دوایئەو چی ئەبێت.

شەریعەتی ئیسلام هاوشێوەی دەستوری وڵاتانە، لە جیاوازیەکە ئەویە ناتواندرێت لەیاساوەساکانی ئیسلامدا کەلیمەیەک زیاد یان کەم بکرێت. چونکە سەوابتن و سەردەمکان دەبێت خیان لەگەڵ بگونجێنن و بەشێوەیەکی مەتاتیش داڕژراون. یانی بگۆڕەی یاساکانی ئیسلام شونکەوتووان دەتوانن موسومانی میانەو، ئاشتیخوازو مرۆڤ دەستبن. هەر بەهەمان یاساش دەتوانن بکوژ، وەرانکارو توندەوبن.

یانی ئیسلام دوو ڕوخساری هەیە، ڕووە جوانەکەی ئەویە کە دایکو باوکانی ئەمەومانان پەیڕەوی ئەکەن، کەجگە لەمیهرەبانی، مرۆڤدۆستی و گیانی بەیەکەوژیان شتەکیترنییە. ئەم دیوە جوانەی ئیسلام بەردەوام نیشاندەرێت و خەڵکی پەئاراستە ئەکرێت.

وەلە کەم کەس توانیوێتی خەی لەقەڕەی باسکردن لەدیوەکەیتر بدات. لەڕەدا ئەمە دەمانەوێت ڕووی دووەمی ئەم مژووە هەماڵین، بەتایبەتی ئاراستەی سەلەفی ئەهلی جیهادی قیتال و ئیسلامی داعشئاسا. ئەوانەی ئینکاریی ئەوە دەکەن داعش لەناو دەقەکانی ئیسلامدا جێنابێتەوە، بەشکیان لەمژووی فتوحات تێنەگەیشتوون، بەشکیشیان هەوەدەدن ڕووە باطینیەکەی داپشن. ئەمەش ئەمانەوێت ئەم دەمامکە لادەین و بەیەین ئەوەی داعش دەیکات لەچوارچێوەی دەقەکانی شەریعەتدا جێگای دەبێتەوە، بەڵام لەپەناو پوختکردنەوەی بابەتەکە تەنها تەرجەمە کوردیەکانیان وەکو خەی ئاماژەپەدەدین.

لەحەدیسەکدا پەیامبەر دەڵێت: (من نانەردراوم وەکو خوا سزا بدەم، بەڵکو نەردراوم بەلەملدان و توند بەستنەویان)! وەکو لە(سیرەی ابن هشام و رحیق المختوم- گولاوی سەرەمەر)دا هاتوە:( کافرێك هەبوو له مەکه به شیعرەکانی زەر کافرانی هاندەدا بە شەڕ له دژی ئیسلام. بەیه پەغەمبەر فەرمووی به هاوەڵانی، کێتان هەیه لەناوی ببات؟

محمدی کوی مسلمە فەرمووی: من یارسول اللە، ئیتر چوو کوشتی و کەگەیوە سحابەکان دستیان کردە اللەاکبرو سەری کەعبی کوی ئشرەفی بی بوو.

کواتە سەربین شتکی نامە نیە لکلتوری ئیسلامداو نە شتکی تازەش. زەر بکورتی ئمانەش چند فەرمانکی ببەرانی ئیسلامن بە سەربینی نوسەرو بشنبیران: (مەحەمدی مسلمە، سەری کینانی کوی بیعی یهودی بی بفەرمانکی سەروی خی. عبدوەای کوی مسعود سەری ئبو جهلی بی لغزای بدرو هنایەو.

ئبو دووجانە کسحابی دستەاستی پغمبربوو، سەری جابری کوی عبدوەای بشمشر پەاند. فیروز سەری ئسودی عنسی لکردوە کاتک وتی بوومتە پغمبرو سەرکی هنا بە پغمبر. علی کوی ئبی تالب سەری عزوکی یهودی بی و پیامبریش مژدی بهشتی پدا). ئوانی سەروە مشتکن لخەرمانک، بگەی ووونیشن کە سەربین بشکی دانبەاوبووە لە کلتوری ئیسلام و عەبدا. وە عەب لبەرگی ئیسلامدا بزبری شمشر بوونی خی لناوچکدا سلماندووو "شمشرو سەربین" دوو تاکە دروشمی ناسینوی عەب و ئیسلامن.

تنانەت ئیسلام پیوایە لووی زانستی پزیشکیشوە، بینی مل بحەمترین جەری کوشتنە، چونکە کسی کوژراو هست بهیچ ئازارک ناکات! لبەرئوی خانی بەرپرس لهستکردن بئازار لمشکدایو بینی دمارکانی مل بخرایی، ناهەمت ئازارکە بگاتە مشك! بیە داعش کمەک بیدعکار نین، بکو تمسیلی استقینی مدلکی ئیسلام دکن و وفادارو شونکوتووی سەرکردکانی پشوتری ئیسلامن و شریعەت جبجدکن.

داعش، قاعیدە و حیزبە ئیسلامیکانی ناو حکومەت هریکن و گشتیان لیک منهج فیکریان هدنجن، کشریعەتی ئیسلامە. حیزبە ئیسلامیکان بژداری هبژاردنی دیموکاسیانە دکن و لناو پلەمانن و باسی ئازادی دکن. ئوان هتاکو ئو کاتی دسەاتی ئیسلام ناوچکە کنتەدکات ئو ووخسارە میانەویە نیشاندەن، ئگینا گەر دمامکیان لادی جیاوازیان نیە لگەل داعش و هەمان فیکرو تەواینیان هیە، سبارەت بە شریعەت.

بەم ئوان جیهادی قیتالیان بە داعش جهشتوو خشیان لناو کمەگادا وردەوردە کمەگا بئیسلامی دکن و دیانەوەت هموو

ژنان حیجاب ببن و
مەیخانەکان دابخرێن و لەهەموو کەنایەکیشدا مزگەوتێک بونیاد بندرێت. حزبی ئیسلامی تیرۆری فیکری دژکۆن و داعشیش تیرۆری فیزیکی دژکات. حزبی ئیسلامی عەقیدەی ئیسلام بە دیدە تەکفیریەکەی دژرخواردی خوشک و براکانی ئیمانان دەدێن و داعشیش فیشەک و شمشێری ئاراستەی مل و دەمی برا پشمەرگەکانمانیان دەکرد. ئەوان هەردوکیان ئەرکیان تیرۆر، جا یەکەکیان تیرۆری فیکری و ئەویتریان تیرۆری فیزیکی.

ئیسلامیەکان ئازادیە تاکەکەسیەکانی وەکو جلوبەرگ، قسەکردن، خۆشویستی و هەڵبژاردنی ئایین لەناودەبەن، تەکفیری هەڵشنفکران دژکۆن، سنور بە هەموو چالاکیەکان دادەنێن کەیەکانگیر نەبێت لەگەڵ شەریعەت. دواتر شوێنکەوتووەک بەرهەمدەنێن هەموو شتێکی بەرامبەرەکەی پێ دەڵفز. تاکە پەوەری مرۆقی باش لای ئەو، گەنجێکە ئەهلی مزگەوتەو خوشکێکی باپاپشە. ئەوان لەووکشدا ئاپاو لەگەڵ و دروشمیان جیاوازەو لەباطیندا یەکێکن. لەزاهیردا ئیسلامیەکان موجامەلەی هەوادارانی خۆیان دژکۆن و ئیسلام بەجۆرێکیتر تەفسیر دژکۆن کەموتوربەیەک بێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستایان، کەواتە لەجۆهەردا هەمان باتینن و فەرقێک لەگەڵدانییە لەنەوان موعتەدیلەکان و موتەشددیدەکاندا.

هەموو ئەوانەش چ ناوێکیان هەیە گرنگ نییە، چونکە هەمویان ئەو مناڵە تووندڕەوەن لەدامەنی شەریعەتەوە لەدایکبوون. بەعس و داعش لەژێر هەشنایی سوڤیەتی ئینفال دیان هەزار کوردیان بەزیندوویی خستە ژێر گڵەوەو ژنەکانیشیان کردن بەکەیلەو لەلایەن جەنگاوەرە جیهادیەکانەوە هەتککران. لەئابردوشدا ئیسلام بەزەبری شمشێر کوردستانی داگیرکردو جەنگاوەرەکانی عەرەب هەزاران ژنی کوردیان کردە کەیلەو هەزاران لەبابوباپیرانی ئیمەیان سەربڕی. لەقورئاندا ئایەتی (النساء) دەربارەت: ئەو ژنە ناموسومانانەی لەجەنگدا بە "غەنیمە" بەتاڵانی دژکۆنە دەستتان بەتان حەڵاڵن و دەتوانن بەبێ هیچ ئازامدی خۆیان سێکسیان لەگەڵ بکەن! یانی ئەوەی داعش لەشەنگال دژی ئێزیدیەکان کردی هەڵ جێبەجێکردنی شەریعەت بوو. هەتائێستاش هەموو عولەمایانی ئیسلام نەیانتوانیوە بڵێن داعش ئیسلام نییە. ئیسماعیل سوسەیی، کەئیمامێکی بەناوودەنگە پێش گرتنی وتی: پشمەرگە لەبەرەی غەرب و سیستەمێکی عەلمانییە بەیە شەهید نییەو ناچێتە بەهەشتەوە، بەڵام داعش بانگەوازی دەوڵەتی ئیسلامی دژکات و جیهاد لەپێناوی خودادا دژکات بەیە ئەوان شەهیدن و دژچن بە

بەهەشت.

کەواتە تەی موسوڵمان ئاگر هەموو گروپە جیهادیستەکان بە تیرۆریست بزانی یان لەمژوی فتوحاتی ئیسلام تێناگەیشتووی یان لەگروپە تیرۆریستییەکان! عبدالڕحمان سەدیق بانگخوازو شارەزای فیکری ئیسلام وتی: هەموو ئەوەی داعش دەیکات لەناو کتێبەکانی ئیسلامدا هەیە. لەدەستبەین، سەربڕین، ئاگرتێبەردان، جمکردنی ژنو هەدانخوارەوەی خەڵک. (مەبەست بەرزاییە) تانانەت دەستکاریکردنی ئایەتەکانی ئیسلام سوتاندیان. چونکە داعش بەگەورەی قورئانی هەناوەتەوە کە، سەحابە شیشی سورکراوەی کردووە بەچاوی دوژمن و بۆئاگر سوتاندونی، بۆیە ئەوانیش فەکەوانە ئاردنیەکیان سوتاندوو.

mutalib_shushan_journalist@hotmail.com

---

# ئاخۆ جۆن مەکین بە ڕاستی دۆستی خەڵکی کوردستان بوو؟ … موزەفەر عەبدوڵا

لەم ڕۆژانەدا جۆن مەکین، کە پاڕاوەی کاماریخوازەکان بوو بە هەڵبژاردنی سەرکایەتی کامار لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بەرامبەر باراک ئۆمابا، بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد. جۆن مەکین جگە لەو پۆستە چەندین پۆستی گەورەی تری لە دامودەزگا سیاسی و دیپلۆماسی و جاسوسی و سەربازییەکانی ئەمریکادا هەبووە.
مردنی ئەو بووە مایەی هەواڵی گەرمی ڕاگەیاندنەکان و پرس و ڕاو هەڵویستگیری گشتی دژ بەیەک لە ئاستی دونیادا.
تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە بە ڕاوبۆچونو هەڵویستی دەسەڵاتداران و خەڵکی کوردستانیش بەهەمان شێوە لە گۆشە نیگای جیاجیاو دژ بە یەک ڕاو هەڵوەست بەدی دەکرا.

لە ئاستی بەرەی چەپ و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بە گشتی جێنیان وەک خەی جێنگاوەڕە خوێن ڕێژە فاشیەکە وەسف دەکرد، بەڵام بەشی

زۆری سەرانی لایەنە ناسیونالیستەکان وەک قارەمانی ئازادی و
ڕزگاریخوازو دەستی خێکی کوردستان وەنایان دەکردو مەدالیای
قارەمانێتیان پێدەبەخشی.
بەیە هەقی خەمانە لە دژی ئەو ڕیاکاری و دڕ و بوختانانە لەڕدا
بپرسین ئاخۆ جەن مەکین بە ڕاستی دەستی خێکی کوردستان بوو؟
بەر لەوەی بە کورتی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوەو ڕاو هەوەستی
خەمانی لەبارەوە بدەین وا پێویست دەکات کەمێیك بێگەی ڕاستی
هەیە لەبارەی ێێێ و پێگەو کارنامەی ئەو لەئاستی سیاسی و سەربازی
وەک، لایەنگری سەرسەختی شێو کوشت وکوشتارو داگیرکاری و وەرانکاری
و دژیان کارساتی تر، بخەینەوو تا نیشانی بدەین کە نەخێر ئەو
دەستی زڕایەتی جەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخوازو ئینسانەدۆستی
کوردستان نەبووە ناشمانوێت وا بکرێتە پێش چاوی ڕای گشتی
ئازادیخوازی دونیا، بەڵکو ئەو تەنها دەستی سەرانی قەومی و خێکی
وئیسلامییە تیرەریستەکانی کوردستان و جیهان بووە.
وەنەکانی جەن هەموی شایەدی ئەو ڕاستیانە دەدەن کە دەستی خستەتە
سەر شانی تیرەریستانی ئیسلامی و قەومی و خێکی و مەداليای
تاوانباری یان وەک خۆی پێدەبەخشێت.

بەهەرحاڵ سەرەتا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە سیاسییە بدەین
کەمڕووی سیستەمی سەرمایەداری و چینی بەرژوا دەسەڵاتدارەکەی لە
دونیادا بە گشتی، و بەرژوازی ئەمریکاو دەوڵەت ئیمپریالیستی و
هەوتە فاشیەکەی کە کەماریخوازەکان نوێنەرایەتی دەکات ، لەم سەد
ساڵەدا بە خوێنی مرۆڤایەتی ئازادیخوازان نوسراوەتەوە. ئەگەر
تەنها چاوەک بخشێنین بەو شێێ خوێناویانەی کە لە دژی خێکی
وڵاتانی تر بەڕێی خستووە تەنها لە نیو سەدەی ڕابردودا هەر لە
ئەمریکای باشور و ئەوروپای ڕۆژهەڵات تا دەگاتە وڵاتانی ئاسیاو
ئەفریقا لە هەموو مەڕوێی مرۆڤایەتی خوێنرێژی وا ڕوێنداوە.

بە تایبەتی جەنگ لە دژی خێکی ڤیتنام و ئەفغانستان و عەراق و
لیبیاو سوریا کەمێێ شێو کوشتارەکی ئاشکرا بوون لە پێناوی
داگیرکاری و دزی و تاڵانی و بازرگانی چەکو تەقەمەنی هەمووشی بە
زیاتر باڵادەستی سیاسی و سەربازی و بەدەستهێنانی سەرمایەی
زیاتر.لەم شێوکوشتارو داگیرکارییانەشدا هەمیشە کەمێێ کەسەکیان
بە کردەوە بونەتە هەمای سەرکردەی سیاسی و سەربازی جەنگاوەری
گەورەی خوێنڕێژ. جەن مەکین لەو سەرکردە دانسقانەیە کە هەموو ئەم
کارەکتەرانە لەودا بەرجەستە بەتەوە.جەن مەکینە یەکێک لەو
جەنگاوەرە بکوژو خوێنڕێژرانە بووە کە بە قارەمانی سیاسی و

سەربازی نیشتیمانی ئەمریکی ناوبانگی دەرکردووە و دەیان مەدالیای چ لە ئاستی ئەمریکاو چ لە ئاستی دونیادا پێبەخشراوە.

لە ڕاستیدا دەگمەنن ئەو جەنگاوەرە تاوانبارانەی وەک جەن مەکین نەک هەر لە مەڕووی چینی بااڵدەستی ئەمریکا لەم سەد ساڵەدا، بەڵکو لەهەموو جهاندا ئاوا دەم ودەست و قاچ خۆشناوی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستیانەشدا بە بەرگریکار و جەنگاوەری ئازادی و ژگای خەڵکی ستەملێکراو نیشان بدرێت و مەدالیای قارەمانی پێ ببەخشرێت! لایەنگری و هاوکاری و پشتیوانی بیدرێغی مەکین بە کۆنەپەرستترین و تیرۆریستترین و دژی ئازادیخوازو یەکسانیخوازترین لە ووتە قەومی و ئیسلامییە فاشیەکانی لە دونیا، بە تایبەتی لە وڵاتانی بەناو عەرەبی و ئیسلامی، ڕون و ئاشکرایە. وێنەکانی لەناو ئەو تاقمە تیرۆریستانەدا لە ئەفغانستان و سۆماڵ و سوریاو لیبیاو زۆر وڵاتی تر زیندوترین بەڵگەی کارنامەی ڕەشی ئینسانیکوژی جەن مەکینە.

ئەو لە شەڕی تاوانکارانی ئەمریکا لە قەتنام کە فەرمانەوانی جەنگی بوو بە قورسترین چەکی ئەتۆمی بەردومانی خەڵکێ بێتاوانەکەی دەکرد ، بەڵام پەکراو کەوتە دەست خەڵکی قەتنام. خۆ ئەگەر چەند دەقەیەک درەنگ تر نەکەوتایە بەردەستی خەڵک دەمرد، بەڵام هەڵیان گرتەوە چارەسەریان کردو پاشان بە پێی ڕێکەوتنێک ئازاد کراو گەڕایەوە سەر هەمان کاری شەڕوخوین ڕشتن. بەئەوەی دان بەوەدا بنێت هەڵەیەک یان تاوانێکی کردەوە. تەنانەت بە ئەوەی سوپاسی ئەو خەڵکە بکات کە ژگاریان کرد لە مەرگ و هەر لەوە نزیان کوشت.

هەتا ئێستاش سەرەڕای ڕەخنەگرتن و دانان بەوەی کە جەنگی قەتنام جەنگێکی هەڵەو تاوانکاری بووە نەک هەر لەلایەن ڕای ئازادخوازی دونیاوە، بەڵکو لەلایەن زۆرێک لە سەرانی سیاسی ڕاستەوی ئەمریکا خۆی، بەڵام جەن مەکین هەمیشە پێی وابوو ئەو جەنگە جەنگی ژگاری و ئازادیخوازی و پێویست بوو.

تا ئەو جێگایەش دەگەڕێتەوە بە لایەنگری و دەستایەتی گوایە بە خەڵکی کوردستان بە پێی قسەکانی سەرانی ناسیونالیزمی کورت دەکرێت دەیان و سەدان بەڵگەی هەمەلایەنە ئاماژە پێبدرێت کە ئەو نەک هەر دەستی خەڵکی کوردستان و ماف و کەشەواکەیان نەبووە، بەڵکو هەمیشە دژی بووە. لێرەدا ئەوەندە بەسە ئاماژە بە قسە بەناوبانگەکەی بکەین کە هەمیشە دەیوت کوردێ شەکەری باشە بە پارەزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەرامبەر دوژمنان بەیە تا ئەو جێگایەی پێویست دەکات دەبێت هاوکاریان بکەین و بکاریان

بەنین. بەگژیەکی تر بە دوژمنایەتی ئەو لەگەڵ خەڵکی کوردستان بە تیرۆریست دانانی ئەجالان و پەکەکە بوو بەرامبەر دەوڵەتی فاشی تورکیا بە درێژایی نزیک بە ٤٠ ساڵ.
جا ئەگەر هەندێک لایەنە خەبەر چەپ و ئازادیخوازو ڕۆشنبیرە کاڤامکان وەک سەرانی قەومی کورد، لەوانە بارزانی و تاڵەبانی، بە دەستی خەڵکی کوردستانی دەناسنن ئەوە زۆر بەهەڵەدا چوون و ئەمە دەستی وامان نییەو نامانەوێت.

جە مەکین و هەر سیاسیەتمەدارێکی تر لە ئاستی دونیا ئەگەر دەستی خەڵکی کوردستان و ماف و ئازادی و کەشە ڕەواکەی بن دەبەت بە قەیدو شەرت لەگەڵ کەتاییپەهێنانی کەشەو ستەمی قەومی بن بەهەموو شێوەیەک تا ئاستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە هەموو ماف سەرەتاییەکانی خەڵک دەستەبەر بکات.
نەک دەستی تاقمێکی بنەماڵەیی و خەڵکی سەرکوتگەری وەک پارتی و یەکیتی و ئیسلامییەکان بن.جا کاتێک ئەمە کارنامەی دەستەی چینی بالادەست و فەرمانڕەوا، بە تایبەتی کەماریخوازەکان، کە جون مەکین دیارترین سەرکردەیان بوو، ئاوا بەت ئەمە خەڵکی کوردستان نەک هەر بە دەستی خەمانی نازانین، بەڵکو هەروەک چۆن دوژمنی خەڵکی ڤیتنام و ئەفغانستان و لیبیاو سوریا و عیراق و یەمەن و یوگسلاڤیای کۆن و زۆر شوینی تر بووە، ئاواش دوژمنی خەڵکی کوردستانە.

ئەو لە ڕاستیدا تەنها دەستی سەرانی بنەماڵەیی و خەڵکی و قەومی میلیشایی پارتی ویەکێتی و ئیسلامییەکان. جۆن مەکین وەکو سەرەتاوانبارێکی گەورەی سەرمایەو قەسابی ئینسان مرد، بە ئەوەی دەستی دادگایەکی عادلانە پێ ڕابگات… مردنی جۆن مەکین، نەک مردنی دەستێکی ئازادیخوازی، یان خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو مردنی جەلادێکە، کە کارگەی نیزامی درندەیی سەرمایەداری بەرهەمیان دەهێنێت. تا نیزامی سەرمایەداریش هەبێت، هەم جەم مەکین کان، دەبن و هەمیش ستایشکەرانی بوونیان دەبێت… هیچیش لەوە ئاسایی ترنییە، ژمارەیەک نووسەر و هەندێک حزب و ڕێکخراوی سیاسی بە مەرگی خومەینی بگرین و بەدەست و پشت پەنای گەلانی بزانن، جۆن مەکین بە دەستی خەڵکی کوردستان و مەرگی ڕەمانسیێت، لەقەڵەمی بدەن…

٣١_٨_٢٠١٨
**موزەفەر عەبدوڵا**

_____

تیبینی

ئەم باباتە لە باوکراوەی بە پێشەوەدا ژمارە ٣٥ باوکراوەتەوە

---

# وەرزشوانانی جیهان و بەرپرسە گەندەڵەکانی کوردستان … ئەحمەد رەجەب

زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی کوردستان لە پاش ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و هەڵگیرسانی ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلی کوردستان لە شاخ گەرانەوە بۆ ناو شارەکان و بە پێی پێگەی هەردوو حزبە زەبەلاحەکە پارتی و یەکێتی کوردستانیان دابەش کردو هەر یەك جگە لە پێشمەرگەکانیان لە شاخ دەیان هەزار گەنجیان وەك پێشمەرگە ناونووس کرد بۆ پاراستنی خۆیان و دەسکەوتەکانیان و پاشان چوون بەگژی یەکترو شەڕکی چەپێیان دروستکردو سەدان کەس شەهیدو پەککەوتە وسەقەت بوون و سەدانی تریش تا ئێستا بۆ سەرو شوێنن.

ئەمە وەك پێشمەرگەی حزبی شیوعی دەستایەتیمان لە گەڵ هەموو حزبەکانی سەر گۆڕەپانی تێکۆشان دژی دیکتاتۆر سەدام حوسەێن و حزبی بەعسی عەرەبی هەبوو، لە زۆر شوێندا بارەگاکانمان تێکڕاوو، لە یەکتر نزیك بوون، بۆ نموونە لە بانی شار لە شاخی سەرکەشی سورێن و، لە چەمەك و سپارو گۆلی سیاگوێزو قەرەداغ شوێنەکانی تر.

بە هۆی نزیك بوونی بارەگاکانمان و، بۆ کاروباری هاوبەش زوو زوو سەردانی یەکترمان ئەکردو، بە چاوی خۆمان هەندێ بەرپرسمان ئەبینی ماتو مەلول دانیشتوون و، هەندیکیان بە هۆی بێکاری مێشیان قاو ئەداو، سەرەڕای ئەوەی لە ئێران یارمەتی و ئازوقەیان وەرئەگرت ،بەڵام بە هیچ شێوەیەك خواردنی ڕۆژانەیان لە گەڵ خواردنی پێشمەرگەکانی حزبمان بەراورد نەئەکراو، زۆرجار داوای یارمەتیان لە حزبی شیوعی کردوەو، بۆ مێژوو پارتی و یەکێتی بە بسوەی (برگ عبور) بۆ شارەکانی ئێران یارمەتی ئەمەیان ئەداو، هاوریانمان هاتووچۆیان ئەکردو، لە پاش پرسەی ئەنفالی بڤەرەو قیزەوەن هاوڕیانمان لە هەوێیرو دەشتی موسڵ و دهۆك گەیشتنە بارەگای مەبەندی سلێمانی و کەرکوك لە دڵەکۆگاو گۆزڵ ڕۆژانە

ئەتەمبەلەك ئازووقە لە ئێرانەوە ئەگەیشتە بارەگاو، هاورێ شوان تەرخان کرابوو بۆ کرینی ئازووقەو ناردنی و، پارتی و یەکێتی جێی سوپاس بوون.

لەو سەرگوزشتەیەی سەرەودا دەرکەوت هیچ کەس لە بەپرسەکان خاوەنی (هیچ) نە بووە بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی خۆسەپاندن و دزی نەوت و، هێنانی دەرمانی ئێکسپایرو، جگەرەو تەنانەت دەرمانە پەهێشییەکان ( مخدرات) ێ و، دەسەڵات بوونەتە خاوەن کێگەو سامان و خاکی کوردستان و، ئەوانەی دونیی نانیان نەبوو بیخۆن، ئیستا خاوەنی کارگەو تەلارو باخن و، هەر بەرپرسێك بە ئارەزوی خۆی باشترین زەوی کوردستانی داگیر ردووەو، نموونەش زۆرە شەقلاوەو خانزادو وڕی هەولێرو عەلیاوەو بابە مەحمودو بنکورەو ، میرگەپان و سەرگەلوو بەرگەڕوو، سەری رەش و قەڵاچۆلان و تەوێلەو بیارەو دەربەندزەلتەو هەرچی جێی نایاب و دلفرێن و بەرزایی هەیە.

باوەر ناکەم هیچ بەرپرسێك لەوانەی لە شاخ نان نەبوو بیخۆن دز نەبن، ئەگینا چۆنێنی تەلار دروست ئەکەن و گەراجی ئەتەمبەلەکەیان لە سەرووی تەلارەکە بێت و، لە حەوشەی ماڵەوە مەلوانکە (مسبح) هەبێت و، خاوەنی کێکەی نەوت وغازوو چیمەنتۆو مۆ و، هەروا خاوەنی سەدان ئیزگەو ویستگەی تەلەفزیۆن و کەناڵی ستەلایت و دەزگای راگەیاندن بن و، بە پارەی گەل خەرجی هەزاران ڕۆژنامەنووس و پشکەشکارو کامێرەمان و دەرهێنەرو کارەباو کەرەستەی هونەری و شتی تر دابین ئەکەن.

هەر بەرپرسێك ژمارەیەك پشمەرگە یان پۆلیسی هەیە بۆ پاراستن ( حمایە) و، بەرپرسە ( نیمچەباڵاکان) هەریەك بەتالیۆنێك یان لیوایەك و بگرە زیاتر کەسی هەیە بۆ پاراستن و، ئەوانەش خەرجێکی زۆریان هەیەو، خوا نەیبری موچەی مانگانەشیان بە کەموکورتی پێیان ئەدرێت و، بەرپرسە ( باڵابەرزەکان – زۆربەرز ) هەر یەك فەیلەقێکی پشمەرگەی هەیە و، پێویستە ئاگادار بن زۆر کەس لە پشمەرگەو پۆلیس و هاوڵاتی لە بەر بۆ پارەیی خۆیان ئەکوژن.
براورد بەو کارەساتانەو دزێی و گەندەڵی لە زۆر بواردا، وەك گواستنەوەی سامانی کوردستان بۆ تورکیای رەگەزپەرست و ئیتالیاو نەمساو سویسراو بریتانیاو ئەمریکاو وڵاتانی تر، کرینی زەوی و مۆ و دروستکردنی ئاپارتمان و تەلار، ناتوانن ئاو کارەبا بۆ گەل دابین بکەن و موچەی کرێکارو فەرمانبەرو پشمەرگەو پۆلیس دابین بکەن.

لە لایەکی ترەوە وەرزشوانانی جیهان بە پێچەوانەی بەرپەرسەکانی

کوردستان یارمەتی نەخۆش و ئاوارە ئەدەن و، خەستەخانە دروست ئەکەن و، بەشداری تەواویان لە کاروباری کۆمەڵایەتی هەیەو، بۆ نموونە مەسی { باشترین یاریزانی جیهان} و یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی و، هەڵبژاردەی ئەرجەنتین دەزگایەکی خێرخوازی لە ئەرجەنتین کردەوە، بۆ یارمەتیدان و فێرکردنی ئەو منداڵانەی تەندروستی و بارودۆخیان خراپەو، ناردنی منداڵانی پەککەوتە بۆ ئیسپانیاو تیمارکردنیان و، کاتێك منداڵە سوریيەکە لە سەر لێواری دەریا لە تورکیا دەزرایەوە، مەسی یەکسەر (100) هەزار یۆرۆی بەخشییە منداڵانی سوریا کە بە هۆی جەنگەوە تووشی ناخۆشی و دەربەدری بوون و، هەروا یارمەتی پشکەش بە نەخۆشخانەیەکی بۆسنەی کردو، لە جزایر ( 3 سێ ) خەستەخانەی گەڕك (عیادە متنقلە) دامەزراند بۆ خزمەتکردنی هەژارو منداڵان. .

کریستانو ڕۆنالدو- باشترین یاریزانی جیهان – و یانەی یۆفانتۆس و هەڵپژاردەی پورتەگال و، جۆن سینای ئەمریکی – پاڵەوانی زۆرانبازی و – سیرینا ولیامز ( یەکەمی جیهان لە تێنیسی سەر زەوی) و، نۆمار دا سیلفا یاریزانی پاریس سانت جیرمانی فەرەنسی، بە پێی ڕێکخراوێکی ئەمریکی تایبەت بە کاروباری خێرخوازی (DoSomething ) ئەو ئەستێرانە دەیان ملیۆن یۆرویان بەخشیوە بە لیقەوماوانی نەخۆشی سەخت و دژوارو، بۆ نموونە ڕۆناڵدو بە تەنها (5) ملیۆن یۆرۆی دا بە لیقەوماوانی ئەو بومەلەرزەیە کە لە نیپاڵیداو، بووە هۆی لە ناوچوونی زیاتر لە دوو هەزار کەس و، هەروا بەشداری کرد لە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ نیپاڵ و، ئەوەی دەستکەوت دایان بە دەزگای خێرخوازی – Save The Children. و، بەشدارکردنی وەرزشوانان لە زۆر بواری تردا دژی نەخۆشی شیرپەنجەو فایرۆسی ( سی) و، میسی و سیرینا ویلیامز دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتی لە پێناو باشکردنی ژیانی (58) ملیۆن منداڵ لە جیهانداو فیرکردنیان و، لە ساڵی 2010 وە میسی بوو بە باوەڕی نیازپاکی یەنیسیف بۆ پشتگیری لە مافی منداڵان..

یاریزان وئەفسانەی تۆپی بەرازیلی پێلە بریاریدا هەرچی لە یاری تۆپی پێ (فوتبال) دەستکەوتووە وەك : تیشێرت و پێاو میدال ( مەدالیا) کە لە ساڵی 1958 لە جامی جیهانیدا دەستیکەوتووە لە بازار ( مەزاد) بفرۆشێت و، چەند کۆکرایەوە بدرێت بە نەخۆشخانەی منداڵانی سوریتیبا لە بەرازیل. و، زۆر لە یاریزانانی ناسراو پێاوەکانیان کە جۆی شانازییانە بدەن بە کۆمەڵەکانی خێرخوازی لەو وڵاتانەی منداڵی نەخۆش و هەژاریان هەیە و بۆ دەرامەتن و، جۆی شانازییە یاریزانی لاوی هەڵبژاردەی فەرنسا { کیلیان امپاپێ)

بریاریدا هەرچی وەرئەگرێت لە هەڕەشەی وێرانکاری بە مناڵانی نەخۆش ببەخشێت.

بەرپرسە باڵاکانی کوردستان دزی ئەکەن وبە سامانی وڵات فڵلاو تەلارو خانوبەرە دروست ئەکەن و ناتوانن کارەبا دابین بکەن و، زۆرجار لە سەر (شاشەی تەلەفزیۆن وکەناڵە کوردییەکان) دڕیان کردووەو، یەکێکیان زۆر دڵگەرم بوو بە دەنگی بەرز لە ساڵی 2009 وتی : ئەگەر ساڵیکی تر کارەبا 24 کاتژمێر نەبوو، ئەوا پێستەکەم بەجێئەهێڵم و، وا ساڵ 2018 و کابرای درێژن داوای پێستی بەرزتر ئەکات و، ئەوەندەی یاریزانانی جیهانیان لە دەست نایەت..
وەزیری خوێندنی باڵای هەرێم یەکێکە لە وەزیرانەی کە گوماندەکریت لە چەندین فایلی گەندەڵییەوە تیوە گلا بێت و پێستەکەی بێ خەوێەمەندکردن بەکار هینا بیت، ئێمە لێرەدا باسی زۆر شت ناکەین و تەنها ئاگاداری ئەکەینەوە خۆی چاك بکات و دەست لەو کارە خراپانەی هەلگریت ئەگینا فەیسبووك و راگەیاندنەکانی کوردستانی و دنیای لێ پر ئەکەین و رووی راستەقینەی ئاشکرا ئەکەین
ئەم وەزیرە هەموو هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆراکانی کوردستانی ناچار کردوە بچن شەهادەی ئایەلس و دەورەی زمانی ئینگلیزی ببینن، لە کاتیکدا هەر تاقیکردنەوەیەك بۆ بەدەستهێنانی ئەو شەهادەیە نرخەکەی نزیکەی 300 دۆلارە، نرخی بەشداریکردن لە هەر خولیکیش نزیکەی 500 دۆلارە، بەمەش هەزاران ماستەر و دکتۆرای کوردستان ناچار ئەبن هەریەکەیان بڕی 300 دۆلار بدەن بە تاقیکردنەوە و 500 دۆلار بدەن بە خولی زمان، بەمەش ملیۆنەها دۆلار کە ئەبێتەوە ، پاشانیش سەنتەرکانی تاقیکردنەوەی ئەزانن ئەمە پێویستی زانکۆیە بۆیە هەرگیز ریگە نادەن ئەو خویندکارە بە یەکەم تاقیکردنەوە نمرەی پێویست بەدەست بهێنێت بۆیە ئەبیت چەند جارێك تاقیکردنەوە بکات و چەند جارێك 300 دۆلار پیشکەش بکات، گومان ئەکریت وەزیر خۆی لە پشت ئەم سیناریۆیەوە بێت پشتکیکی گەورەی ئەو داهاتە زەبەلاحە کە ملیۆنەها دۆلارە بۆ وەزیر بروات
شتی تریش زۆرە وەك تەداخولی وەزیر لە زانکۆ ئەهلییەکان، زۆری تر … ئیمە چاوەری ئەکەین بزانین وەزیر خۆی چاك ئەکات و بە بریارەکەی خۆیدا ئەچیتەوە یان نا، ئەگەر سوور بوو ئەوکات ئیمە کاری خۆمان ئەکەین و رووی ئەو وەزیرە و حزبەکەشی کە یەکیتیە بۆ دنیا ئاشکرا ئەکەین ،،، هیوادارین وەزیر بیسەلمینیت کە پیاویکی پاکە

**ئەحمەد رەجەب**
4/8/2018